عادل عەلی

# تیرۆریزم
# هەڕەشەو مەترسیەکانی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی
عادل عەلی
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
( ١٥٤١) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تایپ: سوهەیلە عبدالوهاب
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٢٣ )

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

## بەرایی

گەورەترین هەڕەشە بۆسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەدنیای ئەمڕۆدا زیاتر لە دیاردەی تیرۆردا بەرجەستە ئەبێ. ئەگەرچی دیاردەی تیرۆر رەگو ریشەیەکی کۆنتری هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەوە پێشو بەشێکی پەیوەستە بەسایکۆلۆژیای تاکی مرۆڤەوەو، لەتەکیدا هاتووە، وەلێ هیچ کاتێك بەم ستایلەی ئێستای کە بەرنامە بۆ رێژراوەو بەپرۆسەیەکی سیستماتیكو سیاسیانە ئاراستە دەکرێتو لەوەش مەترسیدارتر تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو خراوەتە خزمەت ئەو دیاردەیە.



لەڕوانگەی هەستکردن بەوەی کە تیرۆریزم وەك بەڵایەکی جیهانی هەڕەشەیەکی جدییە بۆسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ئەمڕۆ زیاتر بەدیاردەیەکی جیهانی ناوزەد دەکرێ، لەناوەندە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیو میدیاکانو تەنانەت لەئاستەکانی خوێندنی زانکۆو بەشێك لەبیرمەندەکانی جیهان بایەخو گرنگی خۆی پێدراوەو لەچەندین رەهەندی جیاوازەوە دراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوە. دەست بردن بۆ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم دیاردەیە رەنگە زۆرترین ئامارو سەرچاوە گەلێك هەبێت کەبتوانی بیکەیتە کەرەسەیەکی باش بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتێکی لەوجۆرە. ئەوەی دەمانەوێت لەم کورتە نوسینەدا ئاماژەی پێبدەینو خۆمان لەقەرەی بدەین، قسەکردنێکی خێرایە لەسەر چەمکی تیرۆرو پێناسەو رەگو ریشەی مێژوویيو ئاستی هەڕەشەکانی ئەو دیاردەیەو پاشان ئەو بڕیارو

یاسایانەی کە رووبەڕووی تیرۆریزم بۆتەوەو جیاکردنەوەی چەمکی تیرۆریزم لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەو چەکدارانەی گەلانی بن دەست، دواجار میکانیزمەکانی کارکردن لەمەیدانی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم.

بەهەموو ئەوانە تیشکێکی خێرا بخەینەسەر دیاردەی تیرۆریزم. بەگشتی دەبێت هەمووان ئەو راستیەش باش بزانین کە لە (١١) ی سێپتەمبەرەوە، ئەم دیاردەیە پێی نایە قۆناغێکی نوێو ئەو رووداوەش بەناچاری جیهانی دابەشکرد بۆ دووبەرەی دژ بەیەكو پاشان مەیدانی رووبەڕووبوونەوەکانی بەشێوەیەکی پراکتیکی فراوان کردو، ئەوراستیە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو کە تیرۆریزم بەلایەکی جیهانیە. ئەوەش خۆی لەخۆیدا ریزبەندییەکی جیهانی پێکهێناوە



لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی کۆكو هاو ئاهەنگکرد لەدژی ئەو دیاردەیە.

# تیرۆر

## چەمك، مێژوو، پێناسە

ڕەنگە کارێکی سانا نەبێت، سەرپێیانە پێناسەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی بکەین. لێرەو لەوی لەلایەن یاساناسانو بیرمەندەکانەوە، تەنانەت لەمیدیاکانی جیهانیشەوە چەندین پێناسەو ڕاڤەی جیاوازکراوە بۆ چەمکی تیرۆر، بەڵام بەهۆی یەکنەگرتنەوەی بۆچوونەکان سەبارەت بەو چەمکە، ناتوانرێ پیناسەیەکی یەکگرتوو بۆ دیاردەکە دابڕێژین. ئاشکرایە بەهۆی فاکتەرە جیاوازەکانی ئەم دیاردەیەوە بۆچونو دیدگاکانیش جیاواز دەبنو دواجار ڕاڤەکانیش لەیەك ناچن. هەربۆیە تا ئێستا



پێناسەیەکی کتومتو گشتگیری بۆنەکراوە، هەر وەك یەکێ لەلێکۆڵیارە ئەمریکیەکان دەڵێ: وەسف کردنی ئەم دیاردەیە ئاسانترە لەپێناسەکردنی. هەربۆیە بەناچاری هەوڵ ئەدەین لە کۆی ئەو باسو وەسفو پێناسە جیاجیایانەوە، ڕازی بین بە دارشتنێکی جیاواز کە بەشێکی زۆری بیروبۆچونەکان لەخۆبگرێ بەڵام لەپێشدا پێویستە چەند پێناسەیەك بە نمونە بهێنینەوە.

لەسەدەی چوارەمی پێش زایین(زەینەفون) کەسی مێژوویی بەناوبانگی یۆنانی ناوی تیرۆری هێناوە، باسی ئەوەی کردووە کەکاری تیرۆریستی لەجەنگدا کاریگەری هەیە بۆ سەر وورەی بەرامبەر. ڕەنگە بۆ ئەو سەردەمەکاری تیرۆریستی بەکارهێنانی توندوتیژی بووبێت بە شمشێرو خەڵکیان پێ سەربڕی بێت، واتا کەسوکاری بەرامبەر کەوتبنەبەر هەڕەشەوە تاکو

بارودۆخی شەڕەکان بە قازانجی لاکەیترو بەسەرکەوتن کۆتایی پێ بێت.

بەڵام لەدنیای ئەمڕۆدا تیرۆر وەك زاراوەیەکی سیاسی بەکاردێت، کە ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شۆڕشی فەرەنسا بەتایبەتی ساڵانی ١٧٩٣ـ ١٧٩٤ کە کۆماری جاکوبی دژی ئەوانە بەکاریدەهێنا کەبەرهەڵستی شۆرشەکەیان دەکرد.

لەکاتی حوکمی جاکوبیەکاندا (٣٠٠ ٠٠٠) سێ سەد هەزار کەسیان لێ گرتنو پاشان (١٣٠٠٠) سیانزەهەزار کەسیان لەسێدارەدا. ئەوەبووە نەریتێك دواجار چەپەکانو ئانارشیستەکان پێڕەویان کرد. لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامیشدا تیرۆر بەکارهاتووە کە لەقورئاندا بە ووشەی (رهب) و(ترهب) ناوزەدکراوە بەمانای ترساندنو تۆقاندن. هەم لەشکری ئیسلامی لەدژی نەیارەکانیان بەکاریان هێناوە، هەم نەیارەکانی ئیسلامیش بەکاریان هێناوەو لەناو خودی



ئیسلامیش لەدژی یەکتری بەکاریان هێنراوە بۆ نمونە سێ خەلیفەی گەورەی راشدین، بەکاری تیرۆریستی لەناوچون(عومەر، عوسمان، عەلی).

لەسەردەمی سەلجوقیەکانیشدا بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی هەبوو کە بە ئاوریشم خەڵکیان ئەخنکاند. لەسەدەکانی ناوەڕاستو سەدەی نوێشدا چەندین بزوتنەوەی تیرۆریستی هەبووە بەشێوەی جیاجیا. هەندێك جار کاری تیرۆریستی دەوڵەت ئەنجامیداوە لەدژی نەیارەکانیان کەبە تیرۆری سپی ناو دەبراو ئەوەشی کە لەدژی دەوڵەت ئەنجام ئەدرا پێی دەوترا تیرۆری (سور). لەدوای ئەو پەرەسەندنەی کە تیرۆر بەخۆیەوە بینیوە لەو ساڵانەی دوایی سەدەی رابردوودا زاراوەی تیرۆری نێودەوڵەتی سەریهەڵدا کە لەقۆناغی ئێستادا لەرێکخراوە تیرۆریستیە ئیسلامیەکاندا خۆی بەرجەستە ئەکات وەکو رێکخراوی ئەلقاعیدەو ئەلجیهادو هەندێ حزبو رێکخراوی ئیسلامیتر. کە

ئەوانە مەیدانی کاری تیرۆریستیان تەنها ولاتێك نیەو ئامانجیان یەك میللەتو نەتەوە نیە، تەنانەت پێکهاتەکەشیان لەیەك رەگەزو نەتەوەنین.

ئیدی بەگشتی تێڕوانین بۆ چۆنیەتی سەرهەڵدانو گەشەکردنو میکانیزمەکانی کاری تیرۆر چەندین لێکدانەوەو بۆچوونو پێناسەی جیاجیای بۆکراوە. لەفەرهەنگی سیاسیدا هاتووە کە تیرۆر بەمانای، بەکارهێنانی یاخود هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی توندوتیژییەکی نایاسایی لەڕێگەی شێوەکانی، وەك کوشتنو ئازاردانو کاری تێکدەرانە لەپێناو ئامانجێکی سیاسی وەك لەناوبردنی گیانی بەرگریو روخاندنی ورەی دەزگاو دامەزراوەکان، یان وەك ئامرازێك بەکاردێت، بۆ ناچارکردنو ملکەچکردنی ئیرادەی بەرامبەر.



لەفەرهەنگی زانستە سیاسیەکاندا، بەم شێوەیە باسی تیرۆر کراوە، کە ئاماژەیە بۆ جۆرێکی تایبەت لەتاکڕەوی نایاسایی، بەبێ گویدانە ئارامیو ئاسایش بەئامانجی خولقاندنی ترسو تۆقاندنو نەهێشتنی گیانی بەرگری.

دواجار یاساناسان هەوڵی زۆریان داوە لەچەندین گۆشەو رەهەندەوە پێناسەی ئەو دیاردەیە بکەن بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە تیرۆریزم دیاردەیەکی لەڕادەبەدەر ترسناکە، چونکە داڕشتنی هەر پێناسەیەکی پێشوەخت بۆی پرۆسەیەکی گونجاو نیەو، دواجار چەندین بۆچوونی لێ دەبێتەوە. هەربۆیە رێکنەکەوتن لەسەر پێناسەیەك کارێکی حەتمیەو ناکرێ تا کاتێك لەهۆکارو چارەسەرەکان نەکۆڵێتەوە. پێناسەیەکی تر دەڵێ: (تیرۆریزم بریتیە لەبەکارهێنانو گرتنەبەری کاری توندوتیژی لەلایەن

رێكخراوێكی سیاسیەوە، كە هاوڵاتیان دەكەنە ئامانج بەمەبەستی خوڵقاندنی بارودۆخێكی نائاسایی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێكی سیاسی.

یاساناسان لەڕوانگەی ئایدۆلۆژی، سیاسی، ئابوری، ئەو دیاردەیەیان راڤە كردووە، بەڵام دواجار بەشێوەیەكی كۆنكرێتی نەیانتوانیوە ئامانجەكەی دیاری بكەن، هەربۆیە رەنگە تیرۆر خەسڵەتی دیكەی شاراوەی هەبێتو چەندین ناكۆكی نهێنیو شاراوەشی هەبێت، كەرەنگە پەیوەندی بە سایكۆلۆژیای تاكی تیرۆریستەوە هەبێت، كەلایەنی دەروونی بكەری كارە تیرۆریستیەكان پێویستی بەشرۆڤەكردنی وردو هەمەلایەنە هەیە. پاشان كاریگەریەكیتر كەڕاستەوخۆ رەنگدانەوەی لەسەر ئاكارو هەڵسوكەوتی تاكەكان هەیەو ناتوانین نادیدەی بگرین، ئەویش ژینگەی كۆمەڵایەتیو سروشتیە كە بەشێوەیەكی ئۆرگانی



كاریگەریەكانی بەرچاو دەكەونو لەسەر ئەوەش چەندین لێكۆڵینەوەی دوورو درێژی دەوێ تابگەینە هەندێك ئەنجامی زانستیو ئەكادیمی لەبارەی ئەو كاریگەریانە.

لەیاساو دەستورە جیهانیو لۆكاڵیەكاندا بەشێوازی جیاجیا گوزارشت لەو دیاردەیە كراوەو ناساندوویانەو لەجوڵانەوەكانی تریان جیاكردۆتەوە، باشترین نمونە كەباسی بكەین یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)ە لەهەرێمی كوردستانی عیراقدا كە بەڕوونو ئاشكرا لەماددەی یەكەم هاتووە: (كردەوەی تیرۆر بەكارهێنانی توندوتیژیی سازدراوە، هەڕەشە پێكردنیەتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانیەتی كەتاوانكار پەنای بۆدەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەكی تاوانكاری، كەسێك یان كەسانێك بەئەنجامی دەگەیەنن تاكێك یان كۆمەڵە

کەسانێك دەكەنە ئامانج، یان هەربە هەڕەمەكی ئەنجامی دەدەن بەنیازی نانەوەی ترسو تۆقاندنو شڵەژانو ئاژاوە نانەوە لەنێو جەماوەردا، بۆئەوەی زیان بەسیستەمی گشتی بگات، ئارامیو ئاسایشو سەلامەتی كۆمەڵگەو هەرێم، ژیانی تاكە كەسان، سەربەخۆییان، پیرۆزییان، ئاسایشیان، بخرێتە مەترسیەوە، یان بۆ زیان پێگەیاندن بەژینگە، بەدەزگای سامانە گشتیەكان، یان تایبەتیەكان، بۆ بەدیهێنانی هەندێك مەبەستی سیاسی، هزری، ئاینی، مەزهەبی، یان رەگەزی). پاشان لەماددەكانی تردا بەوردی باسی ئەو كردەوانەی كردووە ، كە دەچنە خانەی كاری تیرۆریستیەوە.

لەگەڵ ئەوەی كە تێڕوانینو پێناسەو ناساندنی جیاواز هەیە لەسەر ئاستی جیهانیدا، بەڵام دەبینین كۆدەنگیو ریزبەندیەكی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بەهەڕەشەو مەترسیەكانی تیرۆریزم، هەربۆیە



لەمەوەو رەنگە لەكۆی ئەو پێناسانەدا بگەینە ئەنجامێك كەكاری تیرۆر، یاخود دیاردەی تیرۆریزم بریتیە لەهەموو پرۆسەو كردەوەیەكی تۆقێنەرانە كە ئامانجی ترساندنو وێرانكردن بێتو دواجار كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بخرێتە ژێر فشارێكی رۆحیو جەستەییەوە، ئەگەرچی ئامانجی ئەو كردەوانە هەرچیەك بێت. تیرۆریزم وەك پرۆسەیەكی هەڕەشەو ترساندن گەورەترین بەڵایە بۆسەر كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئیدی لەدنیای ئەمڕۆ ئەركی رووبەڕووبونەوە تەنها ناكەوێتە سەر دەوڵەت، بەڵكو لەهەمووی گرنگتر ئامادەیی تاكە بۆ بەرپەرچدانەوەو دژایەتیكردنی ئەو دیاردەیە. هەتا دێت هەست بەوڕاستیە دەكرێت كەخەریكە دژایەتیكردنی تیرۆریزم دەبێتە مۆڕاڵو پابەند بوونێكی ئەخلاقی لەكۆمەڵگەكاندا، چونكە ئەو راستیە ئاشكرا بووە كە دیاردەی تیرۆر، بەرچاوترین ئەو دیاردە

کۆمەڵایەتیانەیە کە خراپترین کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو نێودەوڵەتیو گەورەترین کۆسپو تەگەرەیە لەسەر رەوتی بەرەوپێش چوون.



# تیرۆریزمو
# خەباتی رزگاریخوازانەی گەلان

ئەگەرچی لەهەندێك خاڵی روکەشی دا خەباتی ئازادیخوازی لەگەڵ دیاردەی تیرۆریزم لەیەك ئەچن، بەڵام لەڕووی ناوەرۆكو ئامانجو بنكەی جەماوەریو پاشان رەوا بوونو یاساو عورفی نێودەوڵەتیەوە جیاوازیان ئاسمانو رێسمانە.

بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) ی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ١٩٧٠/١٠/٢٠ بەڕوونو ئاشكرایی پێناسەی خەباتی چەكداری كردووە كە دەڵێ (ئەو بزوتنەوانەیە كە خەبات دەكەن لەپێناوی سەربەخۆیی

لە کۆلۆنیالیزمو داگیرکاری بێگانەو حکومەتە رەگەز پەرستەکان بۆ گەیشتن بەمافی چارەنووسی گەلەکەیان). کەچی لەباسو پێناسەی تیرۆردا دەڵێ (ئەو کردەوە تاوانکاریانەیە کە مەبەست لێی بلاوکردنەوەی حاڵەتی ترسو تۆقاندنە بۆ ئامانجێکی سیاسی لەنێوان هەموو جەماوەر یاخود گروپێکی دیاریکراوی خەڵکدا). لەرێکەوتنی جنێفی ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆلاتەکانی بەئاشکرا دان نراوە بەخەباتی رزگاریخوازی گەلانو سیفەتی جەنگاوەری داوە بە میلیشیاو هێزە نا نیزامیەکان کە لەحاڵەتی ئەو جۆرە خەباتانەدان، بەمەرجێك پابەندی یاساکانی نێودەوڵەتی بن کە تایبەتە بەکێشە چەکداریەکان.

کەواتە هەر بزوتنەوەیەك پابەندی یاسا نێودەوڵەتیەکان بێت، ئەوا مامەڵەیەکی مرۆییو یاسایی لەگەڵدا دەکرێو بەپێچەوانەوە



هەرپێشێلکاریەك لەلایەن ئەو بزوتنەوەو رێکخراوە سیاسیانەوە، لەبەرەی تیرۆریزم نزیك دەبنەوەو مامەڵەیەکی جیاوازتریان لەگەڵدا دەکرێ.

کەواتە لەبارەی شۆڕشی گەلانی ژێردەست، دەتوانین بڵێین رەواییەکی نێودەوڵەتی هەیەو لەهەمان کاتدا پەیماننامەو بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان ئەو مافەیان داوە بە گەلان کە مافی چارەنوسی خۆیان دیاری بکەنو ئەگەر بەئاشتیانە نەگەنە مافەکانیان ئەوا دەکرێ شێوازی خەباتی چەکداری وەکو رێگەیەکی شەرعی بەکاربهێنن کە ئەمەش دەتوانین بڵێین خاڵێکی گرنگی رەوایی نێودەوڵەتیە کە خەباتی چەکداری گەلانی ژێردەست جیادەکاتەوە لەکاری بزوتنەوە تیرۆریستیەکان.

خـەباتی رزگـاریخوازی گـەلان بنکەیـەکی فراوانـی جـەماوەرییان هەیـەو لەلایـەن کۆمەڵـەوە هاوکـاری‌و کۆمـەك‌و پشـتیوانی دەکـرێن‌و هـەڵقوڵاوی نـاخی کۆمەڵگـەی خۆیـانن، بـەڵام بەپێچـەوانەوە گروپـە تیرۆریسـتیەکان ژمارەیـەکی کـەمی بێـزراون‌و خـاوەنی پشتگیری جەماوەری نـین‌و کـارو کردەوەیـان سـەرەڕای ئەوەی پێچەوانەی یاساو عـورفی نێودەوڵەتیـە لەلایـەن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە نەفرەت لێکراون.

گروپـە تیرۆریسـتیەکان زیـاتر ئامانجیـان خـەڵکی مەدەنی‌و بێ دیفاعـە کـە دەیکەنـە ئامـانجی سـەربازی‌و تـەڕو ووشـك پێکـەوە دەسـوتێنن کـە باشـترین نموونـە کـردەوە تیرۆریسـتیەکانە لەعیراقـدا لـەدوای پرۆسـەی ئازادیـەوە. بـەڵام ئەگـەر تەماشـای خـەباتی چـەکداری گـەلان بکـەی تـەنها ئامانجـە سـەربازییەکان مەبەسـتی



سـەرەکیە. نموونـەی دیـاری ئـەم رەوشـەش خـەباتی چەکداری بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانە

# تیرۆرو
# پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

ئەگەر پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان تا سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمو سەروبەندی دروست بوونی کۆمەڵەی گەلان بریتی بووبێت لەکۆمەڵێك عورفی نێودەوڵەتی نەنوسراوە، ئەوا لەدوای ماڵئاوایی کردن لەدنیای سیاسەتی هاوسەنگی هێزو جێگیر بوونی سیستەمی ئاسایشی بە کۆمەڵ، جیهان پێی نایە قۆناغێکی نوێو چەندین ڕێکەوتنامەو بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی هاتە ئاراوە، بە مەبەستی چەسپاندنی ئاشتیو ئارامیو ئاسایش لەجیهاندا، یاسای نێو دەوڵەتان وەکو کۆمەڵە ریسایەك بووە مایەی



ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان، کە ئامانجی سەرەکیو بنەڕەتی بریتیە لەپاراستنی ئاشتیو ئاسایشی جیهان لەرێگەی ئەو ڕێکەوتنامانەی کە ئامانجیان بنەبڕکردنی ئەو هەڕەشانەیە کە دەکرێنە سەر جێگیربوونی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

یەکێك لەو هەڕەشانەش کە دەکرێنە سەر ئەو سیستەمە جیهانیە، تاوانە نێودەوڵەتیەکانە، کە ئێستا بە تیرۆری نێودەوڵەتی ناسراوە. بەگشتی دەوڵەتان کۆکن لەسەر ئەوەی کە تیرۆری نێودەوڵەتی یەکێك لەو تاوانانەیە کە پێویستی بە بەرەنگاربوونەوە هەیە بە شێوازێك کە لەسەر ئاستێکی باڵا کار بکرێ بۆ ریشەکێش کردنی ئەو دیاردەیە. لەهەموو سەردەمێك زیاتر لەئەمڕۆدا تیرۆر کاریگەرترین هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی ئابوریو سیاسیو ژیانی تاكو دەوڵەتو ئاسایشی کۆمەڵایەتی. تیرۆریزم هەڕەشەیەکی جیدیو

بەرچاوە بۆسەر سەقامگیریو ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، چونکە هەر شڵەژانو نائارامیەك تووشی کۆمەڵگەی جیهانی بێت، وەکو زنجیرەیەکی گرێدراو کاریگەری بۆ سەر هەمووان هەیە.

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی هەستی بەو مەترسیو هەڕەشەیە کردووە کە لە دیاردەی تیرۆرەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام هێشتا هەوڵو کۆششەکان لەئاستی پێویستدا نیە، کە هیوای ئەوەی لەسەر هەڵبچنین کە ئیدی دیاردەی تیرۆریزم بنەبڕ دەکرێ. هەر بۆیە پێویستی بە یاسا گەلێکی رونو ئاشکراهەیە.

ئەوە بەڵگەنەویستە کە کاری تیرۆریستی ڕەهەندێکی جیهانی هەیەو سنوری دەوڵەتانی تێپەڕاندووەو لەتیرۆری ناوخۆییەوە پێی ناوەتە ئاستی جیهانیو بێ



پەروا کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ئاشکرایە لەرووی:

- ❖ پشێویو ئاژاوەیان لەبواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دروست کردووە
- ❖ کاریگەری کارە تیرۆرستیەکان بۆ زیاد لەدەوڵەتێکە.
- ❖ ئەنجامدەرانی کارەکە لەپەناهەندەی دەرەوەن.
- ❖ ئامادەکارییەکان لەدەوڵەتێکی دیکەوەیە بۆ سەر دەوڵەتێکیترە.

یاساناسانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانو سیاسەتی نێودەوڵەتی زیاترو رونتر ئەو رەهەندەیان شی کردۆتەوەو چەند مەرجێکیان دیاریکردووە بۆ ئەو کارە تیرۆریستیانەی دەچێتە خانەی تیرۆری نێودەوڵەتی لەوانە:

❖ بوونی فره رەگەزی لەنێوان ئەندامانی ئەو گروپە تیرۆریستیانە کە هەر یەکەیان خەڵکی وولاتێکن واتا هەر یەکەیان هەڵگری رەگەزنامەیەکی جیاوازن وەکو رێکخراوی (القاعدة) ئەندامەکانی لەعەرەب ئەفغانیو پاکستانی. .. هتد پێکهاتووە.

❖ ئەو کەسانەی کە دەبنە قوربانی کارە تیرۆرستیەکە جیاوازبن لەرەگەزوناوی ئەنجامدەرانی کردەوەکە. نمونەی ئەمەش بەشێکی ئەو کارە تیرۆریستیانەی لەعێراقدا روویانداوە خەڵکانی دەرەوەی عێراق ئەنجامیان داوە.

❖ ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆیستیەکە لەژێر سەروەری دەوڵەتێکی تردابنو لەدەوڵەتێکی دیکەدا ئەنجامی بدەن.



❖ زۆربەی ئەو کردەوانە لەدژی ئامرازەکانی گواستنەوەی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێ وەکو فڕۆکەو کەشتیو شەمەندەفەرو..... هتد.

❖ کاریگەری کارە تیرۆرستیەکان بۆ سەر چەند دەوڵەتێك بێت.

❖ شوێنی نەخشەوپلان دانان بۆ کردەوە تیرۆریستیەکان لەدەوڵەتێکی ترەوەبێت.

❖ کارە تیرۆریستیەکان هاندانی دەوڵەتێکی لەگەڵدا بێت لەرووی ماددیو مەعنەویەوە.

❖ هەڵاتنو پەنابردنی تیرۆرستەکان دوای ئەنجامدانی کارەکە بۆ دەوڵەتێکیتر.

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو راستیەی کە دیاردەی تیرۆر سەرەڕای ئەوەی لەرووی سروشتی دینامیکیەوە ئاڵۆزەو کەرەستەو ئامرازەکانی کارکردنو فاکتەرەکانی ئەنجامدانی لەگۆرانی بەردەوامدانو زۆریش ئەستەمە

بتوانرێ هاندەرەکانی کە دەبنە هۆی روودانی دیاردەکە دیاری بکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆ دەنگیەکی باش هەیە لەسەر ناساندنی ئەو دیاردەیە بە دیاردەیەکی جیهانی. نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٧٢ بڕیاری(٣٠٣٤) لە١٨ ی کانونی یەکەمدا دەرکرد کە(٣٥) دەوڵەت بەشداریان کردو لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆپێناسەکردنی تیرۆر، بەڵام چەندین بیروبۆچونی جیاواز دروست بوو لەسەر هەڵسوکەوت کردن لەهەمبەر ئەو دیاردەیە.

بەپێی ئەو کاریگەریە بەرچاوەی کە ئەمڕۆ تیرۆر هەیەتی لەئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە یاسایەکی هەمەلایەنی جیهانی بە بەشداری وڵاتانی جیهان دابڕێژرێ، بە شێوەیەك کە بتوانێ لانیکەم بەربگرێ بە هەڕەشەو کردەوە تیرۆریستیەکان. ئەو یاسایە، یاسایەکی هەمەلایەنەو



ریشەیی بێت کە دەستنیشانی هۆکارو ژینگەی سەرهەڵدانو دواجار چارەسەری لەگەڵدابێت. واتا یاسایەکی پابەندکراو، کە بە شێوازێك بێت پابەندبونێکی ئەخلاقی پێکبهێنێو بە پێڕەوکردنی، دواجار ببێتە عورفێکی نێودەوڵەتیو دژایەتیکردنی ئەو بەڵا جیهانیە، ببێتە ئەرکی کۆمەڵایەتیو سیاسی نێودەوڵەتی، تەنها ئەرکی جەمسەرێکی جیهانی نەبێت، وەکو وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ئەگەرچی ئەمەریکا رەنگە پڕ زیانترین وڵات بێت کە بەر هەڕەشەی تیرۆرکەوتووە بەڵام ریزبەندیە جیهانیەکان پێویستی بە فراوان بوونی زیاترە لەوەی کە ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەستی پێدەکرێ.

# داهاتووی
# تیرۆریزمو ڕێگەی بەرەنگاری

بەلەبەر چاو گرتنی ئەو راستیەی کە تیرۆر، هەڕەشەو بەلایەکی جیهانیەو، ئاستی بەرەنگاریو ڕووبەڕووبونەوەکان، هێشتا لەرادەی پێویستو دڵخوازی دەوڵەتانو هاولاتیانی جیهان نیە.

دەکرێ بە شێوەیەکی سەرەتایی باسو خواسێکی گەرمتر لەسەر دیاردەی تیرۆرو هۆکارو ڕێگەچارەسەرەکان بهێنرێتە ئاراوە، لانیکەم بەمەبەستی کردنەوەی دەلاقەیەك بەرووی ناساندنی ئەو چەمکەو هەڕەشەو مەترسیەکانی، لێرەشدا هەقی خۆیەتی باسی ئەو راستیە بکرێ، کە وانەبێت هیچ



هەنگاوێکی پراکتیکی و ئاسایی لەئاستی ناوخۆی دەوڵەتاندا نەگیرابێتەبەر، بەڵکو کاردانەوەی قورسو ریشەیی لەزۆرێك لەولاتانی جیهاندا پیادە کراوە، بەلام ڕەنگە هێشتا کاردانەوەکان نەیانتوانیبێ مژدەی مەرگو کۆتایی هاتنی ئەو دیاردەیەمان پێ بڵێ.

باشترین هەنگاو بۆ ناساندنو خستنە رووی هەردیاردەیەك جگە لە نیشاندانی خەسڵەتو تایبەتمەندیەکانی، پێویستە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەستنیشان بکرێ، لەرێگەی دەستنیشان کردنی هۆکارو فاکتەرەکانەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە لەچ رەهەندێکەوە دەستبەکار بین بۆ چارەسەر کردن، یاخود لانیکەم بۆ مامەلە کردنێکی دروستو بەرپێگرتنی.

ئەگەر باس لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆر بکرێ ڕەنگە هێشتا نەتوانین مافی خۆی بدەینێ،

تاكوئێستا سەرەڕای زاڵبوونی خواستی ئاشتیو پێكەوە ژیان لای هاوڵاتیانی جیهان، كە چی دەوڵەتان لەئیدارەدانی كێشەو ململانێكانیاندا پەنادەبەنە بەر بەكارهێنانی سیاسەتی تیرۆر لەئاستی نێودەوڵەتیدا. هەروەها دیاردەی چەكو تەقەمەنیو پێشكەوتنی تەكنەلوژیا لەو بوارەدا زەمینەیەكی ئاسایی وای فەراهەم كردووە، كە دەسكەوتنی ئەو كەرەسانە ئەركێكی گران نەبێت.

بەردەوامی ململانێكانو بوونی بەرژەوەندیە جیاوازەكان لەكۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بارودۆخێكی ئەوتۆی فەراهەم كردووە، كە بزوتنەوە تیرۆریستەكانو كەسانی تیرۆریست، سوودی لێ وەربگرنو بیكەنە مولگەو شوێنی دالدەدانی خۆیان، بگرە بۆ هاوكاری ماددیو مەعنەویش سوودی لێ وەربگرن، ئەوەی تا ئێستا تێبینی دەكرێ لەسەر ئاستی جیهانیدا، بوونی



چەند ناوچەیەكی كێشە لەسەرە، كە تاكو هەنووكە ئاسۆی چارەسەر كردنیان نادیارەو بەردەوامی ئەو كێشەو گیروگرفتانە، دەبێتە ژینگەی لەبار بۆ گەشە سەندنو پەرەسەندنی دیاردەی تیرۆریزم.

ئەو شەڕو پێكدادانو ململانێو بەریەككەوتنە جیاجیانەی كە بەدرێژایی مێژوو سەریهەڵداوەو بوونی هەبووە لەسەر دەسەڵاتو كۆنترۆڵ كردنی كۆمەڵگە، لەپاڵ ئەوەدا دیاردەی تیرۆریزم لەگەڵیدا سەریهەڵداوەو یاخود فراوان بووە.

لەدونیای ئەمرۆشدا دواكەوتویی سیستەمە سیاسییەكانو نەبوونی ئارامیو بوونی قەیرانە جیاجیاكانو، لەهەمووی زەقتر قەیرانی گەشەپێدانی سیاسیو مرۆییو دواكەوتویی هۆیەكانی بەرهەم هێنانو بوونی بەڕێوەبردنی كلاسیكی سیستەمی

حوكمڕانی، دواجار دەبێتە مایەی کۆمەك کردن بە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لەسەر هەموو ئاستەکاندا.

بەرلەچاو گرتنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، بەوەی کە تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکی گەورەیە لەژیانی مرۆڤایەتیو هەروەها بەردەوام بوونی ئەو دیاردەیە ئاشتی جیهانی دەخاتە مەترسیەوە، بۆیە هەر دەوڵەتەو لەئاستی خۆیەوە کاردانەوە یاخود بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە، ئەو دەوڵەتانە سەبارەت بەو دیاردەیە چەندین ڕێوشوێنی یاساییو سیاسیان گرتۆتەبەر بۆ بەرگرتن بە مەترسیەکانی ئەو دیاردەیە.

کەواتە تەنها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرەنگاریو دژایەتی نەبووە لەبەرامبەر ئەو دیاردەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی نێوخۆیی دەوڵەتانیش میکانیزمی گونجاو



پیادە کراوە، هەر بۆ نمونە لەووڵاتی عێراقدا یاسای دژەتیرۆر هەیەو پاشان لەهەرێمی کوردستانیش یاسایەکی تایبەت بەدیاردەی تیرۆر هەیە کە بەیاسای ژمارە (٣)ی پەرلەمانی کوردستان ناسراوەو چەندین ڕێوشوێنی یاسایی گونجاوو سزاو لێپێچێنەوە دانراوە سەبارەت بەدیاردەی تیرۆریزمو ئەنجامدەرانو هاوکارانی تیرۆریزم...هتد. کە هەنگاوێکی پراکتیکی بەرچاوە بۆ کەمکردنەوەی تیرۆرو تیرۆریزم یاخود بنەبڕکردنی، کە بەڕای چاودێرانو لێکۆڵەرانی سیاسیو ئەکادیمیەکان یاسایەکی هەمە لایەنەو گونجاوە لەسەر ئاستی هەرێمیو نێودەوڵەتیدا. لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ زانیاری زیاتری خوێنەران دەقی یاسای ژمارە(٣)ی پەرلەمانی کوردستان بڵاودەکەینەوە.

## بەشێك لەو پارتو ڕێكخراوو گروپانەی کە ناویان خراوەتە لیستی ڕەشی تیرۆرەوە

- ڕێكخراوی ابو نضال
- گروپی ابو سیاف
- بورجی شەهیدانی الاقصا
- انصار الاسلام
- گروپی چەكداری ئیسلام
- پارتی كۆمۆنیستی فلیپین
- سوپای كۆماریی ئێرلەندا
- گروپی ئیسلامیی گاما
- بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی بەنگلادیش
- بزوتنەوەی موجاهدینی حزبولڵا
- بزاوتی ئیسلامی ئۆزبەکستان



- کەتیبەکانی حزبولڵا
- پڵنگە ئازادیخوازەکانی تامیل
- گروپی شەڕخوازی ئیسلامی لیبیا
- گروپی ئیسلامی مەغریب
- ڕێكخراوی موجاهدینی خەڵق
- بەرەی ئازادیخوازی فەلەستین
- جیهادی ئیسلامی فەلەستینی
- بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەلەستین
- بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەلەستین (فەرماندەیی گشتی)
- القاعدة لە عێراق
- القاعدة لەمەغریبی ئیسلامی
- ڕێكخراوی شۆڕشگێری ١٧ی نۆڤەمبەر
- هێزی چەكداری شۆڕشگێری كۆلۆمبیا

## ئەو دەوڵەتانەی کە هاوکاری تیرۆریزم دەکەن یاخود باری ئاسایشیان ناجێگیرە

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر داوای جورج بوش سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لیستێکی تایبەتیان ئامادە کردووە تایبەت بەو دەوڵەتانەی کە هاوکاری تیرۆر دەکەن یاخود بارودۆخی ئاسایش تیایاندا فەراهەم نیە، هەربۆیە ئەمەریکا داوای لەهاوڵاتیانی خۆی کردووە کە ئەو پەڕی وریایی بکەن لەکاتی گەشتەکانیان بۆ ئەو وڵاتانە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەشێك لە چاودێرانی سیاسیو هەوادارانی ئەو وڵاتانەی کە ناویان لەلیستەکەدا هاتووە پێیان وایە کە ئەو دەوڵەتانە هاوکاری وڵاتی ئەمەریکا ناکەن، بۆیە ناویان خراوەتە ناو لیستەکە.



- کوبا
- ئێران
- سودان
- سوریا
- ئەفغانستان
- جەزائیر
- عێراق
- لوبنان
- لیبیا
- نێجیریا
- پاکستان
- شانشینی عەرەبی سعودی
- صومال
- یەمەن

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ـ عیراق

پشت بەحوكمی بڕگە (١) لەمادەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار كراوو لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان. عیراق، ئەنجومەن لەدانیشتنی رۆژی (٣/٤/٢٠٠٦) بڕیاریدا ئەم یاسای خوارەوە دابنێت:



## یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦
## یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی كوردستان ـ عیراقدا

**مادەی یەكەم:**

كردەوەی تیرۆر بەكارهێنانی توندوتیژی سازدراوە، هەڕەشەپێكردنیەتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانیەتی كە تاوانكار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەكی تاوانكاری، كەسێك یان كەسانێك پێی هەڵدەستن‌و تاكێك یان كۆمەڵە كەسانێك دەگەنە ئامانج، یان هەر بەرەمەكی ئەنجامی دەدەن بەنیازی نانەوەی تۆقاندن‌و ترس‌و شلەژان‌و ئاژاوەنانەوە لەنێو جەماوەردا بۆ ئەوەی زیان بەسیستەمی گشتی بگات، ئارامی‌و ئاسایش‌و سەلامەتی كۆمەڵگەو هەرێم، ژیانی

تاکەکەسان، سەربەخۆییان، پیرۆزییان، ئاسایشیان، بخرێتە مەترسیەوە، یان بۆ زیان پێگەیاندن بە ژینگە، بەیەکێك لەسەرچاوە گشتیەکان، بەدەسگا، سامانە گشتی، یان تایبەتیەکان، بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هرزی، ئایینی، تایفەگەری، یان ڕەگەزی.

**مادەی دووەم:**

ئەم کردەوانەی خوارەوە بەتاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەندرێن‌و سزایان لەناوبردنە (اعدام)

١. دامەزراندن، رێکخستن، یان بەڕێوەبردنی رێکخراو، کۆمەڵە، دەستە، باند، بنکە، یان کۆمەڵێك، بەئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.
٢. تیرۆر کردن بۆ مەبەستێکی سیاسی، ئایدیۆلۆژی، یان بەکافردانان.



٣. بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە، سووتێنەر، گڕگر، ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان‌و رووخاندن لەڕێگەی تەقاندنەوەی راستەوخۆ، یان بەئامێری لەدوور ئاراستەکراو، مینرێژکردنی ماشێن، هەر ئامێرێکی دیکە، چاندنی بۆمبی خاپوورکار، بەکارهێنانی چەکە جەنگیەکان بەگشت جورە جیاجیاکانیەوە، پشتێنەی خاپوورکار، نامەی مینرێژکراو، مادە، گازی ژەهراوی، میکرۆبی، یان تیشکدەر، بەمەبەستی تیرۆرکاری، ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك، یان پترى لێکەوتەوە.
٤. بەبارمتەگرتنی کەسێك، یان کەسانێك بۆ کارتێکردن لەدامودەزگاکانی هەرێم، لەو دەستەو رێکخراوە نیشتمانی یان نێودەوڵەتەییانەی لەهەرێمدا کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە سوودێك یان

کەلکێك، بەناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، یان نەکردنی، یان دروستکردنی بارێکك لەترسو تۆقین.

٥. کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە، یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگەو دەستە دبلۆماسیو کۆنسولگەریو دامەزراوەو کۆمپانیا ی بیانیو رێکخراوە نێودەوڵەتیە حکوومیو ناحکومیەکان، ئەوکەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکەن،و تاوانەکەش بەمەبەستی تۆقان (تیرۆر) بێت. سزاکەشی دەبێتە زیندانی هەتاهەتایی، ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوتەوە.

٦. چوونە ناو هەر رێکخراو، کۆمەڵە، دەستە، باند (عصابە)، بنکە، یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات، ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێ لەهێزی ئاسایشی ناوخۆ، یان



(پێشمەرگە) زێرەڤانیی هەرێم بوو، یان ئەگەر تاوانکار مەشقی سەربازی، یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

٧. هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی، هەر رێکخراو، کۆمەڵە، باند، بنکە، یان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات، یان کار بۆ بەرژەوەندی هەر یەکێکیان بکات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراوون ئەنجام بدات.

٨. ئاسانکاری هاتنەژوورەوەو چوونەدەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆریستان، دابینکردنی شوێنی حەوانەوەیان، شاردنەوەیان، حەشاردانیان بەخۆی یان بەکەسێکی دی، یارمەتیدانیان بەهەواڵپێدانو پێشکەشکردنی ئەو زانیاریانەی بەکاردێن بۆ پلاندانان، یان بۆ

دەستپێکردنی جێبەجێکردنی تاوانی تیرۆرکاری، بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت.

**مادەی سێیەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە بەتاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێنو سزاکەیان زیندانی  هەتاهەتاییە:

١. تێکدان، رووخاندن، لەکەلك خستن، یان زیان پێگەیاندن، بەتەواوی، یان بەبەشێك لەتەلارو دامەزراوو سامانی گشتی، یان ئەو تایبەتمەندیانەی تەرخانکراوون بۆ فەرمانگەو بەرژەوەندیە حکوومیەکان، بۆ دەسگا گشتیەکان، بارەگای ئەو حیزب، یان ئەو کۆمەڵانەی بەیاسا ناسراوون، یەکێك لەدامەزراوەکانی نەوت، هەر دامەزراوێکی هەرێم، ئیستگەی وزەی کارەبایی و ئاوی، پرد، بەنداو، ئاوەڕۆی گشتی، هۆیەکانی گەیاندنو



دامەزراوەکانی، ئەو شوێنانەی ئامادەکراوون بۆ کۆبوونەوە گشتیەکانو شوێنەکانی خواپەرەستی، شوێنەکانی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر، یان هەر سامانێك کە گرنگی هەبێت لەئابووری نیشتمانی، بەمەبەستی تیرۆرکاری، بۆ شێواندنی ئاسایشو ئارامی لەهەرێمدا.

٢. دەستبەسەرداگرتنی فرۆکەی مەدەنیو ڕفاندنی. سزاکەشی دەبێتە لەناوبردن (اعدام) ئەگەر کردەوەکە مردنی کەسێك یان پتری لێکەوتەوە.

٣. ڕفاندن، دەستگیرکردن، دەستبەسەرکردن، یان بێبەشکردنی کەسێك لەئازادی، بەهەر شێوازێك بێت، بۆ قارچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی، یان بەمەبەستی سیاسی، بەپاڵنەرێکی تیرۆرکاری.

٤. پەكخستنی هۆیەكانی پەیوەندی پێوەكردن‌و سیستەمەكانی كۆمپیوتەر، چوونەناو تۆڕەكانیانەوە، ژاوەژاو دانان لەسەریان، زانیاری‌و داتا خستنەناوەوەیان، بەمەبەستی ئاسانكاری بۆ ئەنجامدانی تاوانە تیرۆركاریەكان.

٥. پێشكەشكردن، كۆكردنەوە، گوێزانەوە، یان ناردنی كۆمەڵی دارایی، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەناوەوە، یان لەدەرەوەی هەرێم، بەمەبەستی بەكارهێنانی، یان بزانێت بەكاردێت بۆ داراكردنی هەرتاوانێكی تیرۆركاری.

٦. مەشق پێكردنی كەسێك، یان كەسانێك لەسەر بەكارهێنانی چەك، لەسەر هۆیەكانی پەیوەندی پێوەكردن، فێركردنی هونەرە جەنگیەكان، یان شێوازەكانی شەڕكردن،



بەمەبەستی ئامادەكردنیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێكی تیرۆركاری.

٧. چوونە ناو یەكێك لەو لایەنانەی لەبڕگە (١)ی مادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون‌و بە ئەندامبوون تیایدا.

٨. دروستكردن، هاوردن، یان لەلابوونی تەقەمەنی، ئاگرەتریشقە، ئامێری دروستكراو بۆ تێكدان، رووخاندن، یان هەر مادەیەك لەپێكهاتەی ئەوانەوە بێت، هەروەها ئەو دەزگاو ئامێرو كەرەستانەی لەدروستكردنیان یان لەتەقاندنەوەیان بەكار دێن، ئەگەر بەكارهێنانەكەیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێكی تیرۆركاری بێت.

**مادەی چوارەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە بەتاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێنو سزادەدرێت بەزیندانی، لە (١٥) ساڵ تێپەر ناکات، هەر کەسێك:

١. دەسەڵاتی فەرمانپێکردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوەخۆو زێرەڤانی هەرێمو داوای لێکردن یان ڕاسپاردن، بەپاڵنەرێکی تیرۆر کاری کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەکانی میری بکەن.

٢. نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمار کراو، یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلا بێت یان بەدەستهێنێت، کە هاندان، بەچاك زانین، یان پرۆپاگەندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری، بەمەبەستی بەخشینەوەی، یان بڵاوکردنەوەی.



٣. بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقینەرانەی لەم یاسایدا هاتوون ئاگاداربێتو دەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوەو کەس لەفەرمانی ئەم بڕگەیە بەدەر ناکرێت.

٤. بەئەنقەست، هەواڵ، ڕوونکردنەوە، یان پڕوپاگەندەیەکی تۆقینەر بڵاو بکاتەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو، یان ئەلەکترۆنی بەهەڵ وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت، لەئەنتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە کە راستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆر کاری وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوەو ترس بخاتە نێو هاوڵاتیانو هەڕەشە لەقەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

٥. نەفامیو کەمزانی کەسێك بقۆزێتەوەو لەکاری تۆقاندن بەکاری بێنێتو بەهۆیەوە ئەو کارانە ئەنجام بدات.

٦. گزی لەنووسراوێکی فەرمی بکات، یان بەساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بکات بۆ ئەوەی کەسایەتی بشارێتەوە یان بەئەنقەست بیگۆڕێت، ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی بکات، یان یارمەتی بدات لەکارەکانی، بەمەرجێك بزانێت مەبەست لەگزیەکە چیە.

### مادەی پێنجەم:

١. هەر کەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزادەدرێت بەزیندانی هەتاهەتایی،



٢. هەر کەسیك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزادەدرێت بەزیندانی کاتی.

٣. هەر کەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەبەندکردنی توند سزا دەدرێت.

### مادەی شەشەم:

نابێ ئەو کەسەی بەتاوانی تۆقینەر تاوانباردەکرێت، بەدەستەبەر بەربدرێت لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا هەتا حوکمێك یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەداواکەی دەرنەچێت.

**مادەی حەفتەم:**

فەرمانەکانی مادە (٤٧)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراوی کارا، بەسەر ئەو کەسە پیادەدەکرێت کە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووە دەدات سەبارەت بەئاشکرانەکردنی ناسنامەکەی، کاتێ هەواڵی ڕوودانی ئەو تاوانانە دەگەیەنێتو ناکریتەشایەد.

**مادەی هەشتەم:**

١. ئەو کەسەی، پێش ڕوودانی تاوانی تیرۆرکاری، پێش ئاشکرابوونی، یان لەکاتی پلان بۆ دانانی دەزگا تایبەتمەندەکان پێ ئاگادار بکاتەوەو هەواڵ گەیاندنە کە ببێتە یاریدەدەر بۆ دەستگیر کردنی تاوانباران یان نەیهێلا کارەکە ئەنجام بدرێت، لەسزادان دەبووردرێت.



٢. دادگا بۆی هەیە خۆبەدەستەوەدانی تاوانبارو پێشکەشکردنی زانیاری وا، کە تاوانەکە دوای ڕوودانی ئاشکرا بکات، بەپاساوی سزا سووککەر بژمێرێت.

**مادەی نۆیەم:** لایەنی پەیوەندیدار بۆی هەیە پاداشتێکی چاك جارِ بدات بۆ ئەو کەسەی زانیاری ڕاستو دروست پێشکەش بەلایەنی تایبەتمەند دەکاتو ئاشکراکردنی تاوانی تیرۆرکاریو ئەوانەی دەستیان تێدابووە لێ دەکەوێتەوە.

**مادەی دەیەم:**

هەر کەسێك هاوکاری بکات وەك بکەر، بەشدار، یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە تیرۆرکاریانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەهەمان سزا، کە بۆ تاوانەکە دیارکراوە، سزادەدرێت.

**مادەی یازدەیەم:**

دەست بەسەر سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی ئەو ڕێکخراو، پارت، دەستە، کۆمەڵ، یان ئەو کەسانەدا دادەگیرێت کە بەبڕیارێکی دادگا بەتاوانکاری تیرۆر دەردەچن.

**مادەی دوازدەیەم:**

تاوانی تیرۆر لەتاوانە ئابڕووبەرەکاندا دەژمێردرێتو دەبێ دادگا ئەم فەرمانە لەدەقی بڕیارەکەیدا بنووسێت.

**مادەی سیانزدەیەم:**

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە، مافی خۆیەتی ڕەفتارێکی یاساییو دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا، بەدابینکردنی



پارێزەریشەوە بۆ داکۆکی لێکردنیو نابێ شێوازی ئازاردانی دەروونیو جەستەیی، یان ڕەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێتو پشت نابەسترێت بەدانپێدانانی بەزۆر لێوەرگیراو، بەهەڕەشە، بەئازاردان، یان بە بڵێنو گەفوگوڕ، ئەگەر بەڵگەکە پشت ڕاست نەکرا بەبەڵگەی دیکە. ئەگەر لەئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازانەی باسیان لێوە کرا، زیانێکی بەرجەستەیی قەبەی لێکەوت، تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەرانی تۆمار بکات وەك کەسانی ئاسایی.

**چواردەیەم:**

ئەگەر ئەو کەسەی بەتاوانی تیرۆرکاری تاوانبارە بێتاوان دەرچوو، بۆی هەیە، داوای قەرەبۆی ئەو زیانە جەستەییو ناجەستەییانە بکاتەوە کە لێی کەوتووە

لەئەنجامی پشێلکردنی ئەو مافە مرۆییانەی لەدەستوورو یاساکاندا هاتوون.

**مادەی پانزەیەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان. عیراق دەستەبەری چاودێری خانەوادەی قوربانیانی کردەوە تیرۆرکاریەکان دەکاتو قەرەبۆی زیانەکانیان دەکاتەوە.

**مادەی شانزدەیەم:**

١. بۆ هەر شتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت، فەرمانەکانی یاسای سزاکانی عیراق ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارەی (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ پیادە دەکرێن.

٢. کار بەهێچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.



**مادەی حەڤدەیەم:**

کار بەم یاسایە دەکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیەوە.

**مادەی هەژدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیەوە (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

## هۆكارە خوازیاریەكانی ئەم یاسایە

تیرۆر بۆتە دیاردەیەكی ترسناكی جیهانیو ئامانجی ترس خستنە ناودڵی جەماوەرو تۆقاندنیەتیو تێكدانی باری گشتیو ئارامی كۆمەڵگەو ئازاردانی خەڵكە بۆ ئەوەی ژیانو ئازادیان بخاتە مەترسیو زیان بەژینگەو سامانی گشتیو تایبەتی بگەیەنێت، بۆیە، كۆمەڵگەی نێودەولەتی هەوڵی داوەو هەوڵدەدات چەند یاسایەك دابنێت بۆ بەگژداچوونەوەی

ئەم دیاردە ترسناكەو داوا لەئەندامانی دەكات بەدڵ هاوكاربن بۆ ئەوەی سنورداری بكەنو چارەسەری هۆكارەكانی بكەنو لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستانیش توشی مەترسی گشت جۆرەكانی ئەم تیرۆرە بۆتەوەو توشی دەبێتو دەرئەنجام زیانێكی زۆرو گەورەی لەگیانی هاوڵاتیانی هەرێمو سامانیانو دەسەڵاتە



ڕەواكانی كەوتووە، بۆیە بەپێویست زانرا كە یاسایەكی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ترسناكە دابنرێت لەگەڵ ڕەچاو كردنی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی مافو ئازادیەكانی تاكو كۆمەڵ دەستەبەر دەكات، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**تێبینی:**

ئەم یاسایە دوای پەسەند كردنی لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ وە لەژمارە(٦١) ساڵی شەشەم ـ ی رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٦ رۆژنامەی (وەقائعی كوردستان) بڵاوكراوەتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٢

٢- یوسف گۆران، جريمة الارهاب المسؤلية المترتبة عنها في القانون الجنائي الداخلي والدولي

٣- یاسای ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٦ بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی کوردستان.

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەرایی | ٥ |
| **تیرۆر** . چەمك، تیرۆر، پێناسە | ٩ |
| تیرۆریزمو خەباتی رزگاریخوازانەی گەلان | ٢٠ |
| تیرۆرو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان | ٢٥ |
| داهاتووی تیرۆریزمو رێگەی بەرەنگاری | ٣٣ |
| بەشێك لەو پارتو رێكخراوو گروپانەی كەناویان خراوەتە لیستی رەشەوە | ٣٩ |
| ئەو دەوڵەتانەی كە هاوكاری تیرۆریزم دەكەن یاخود باری ئاسایشیان ناجێگیرە | ٤١ |
| سەرچاوەكان | ٦٥ |

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فريد اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد ڕەزا شالگونی و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی ڕووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨ | ٢ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد ڕەسول | ٢٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠ | | | ١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنطنة | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني - مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حەمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە ڕەشید طورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید طورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | عەرەبی | | |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکــان و مــافی چــارەی خۆنووســین زنجــیرەی هۆشــیاری ، ژمــارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئــاین و دەوڵــەت لەمیســری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامــەی کــوردی گۆڤــاری هــەولێر ســاڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئاســۆکانی چارەســەر، زنجــیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعســیزم و ســەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن ساکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاریخ الفکر الکردی | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو<br>هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک<br>ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |